**خوێندنەوەی کتێب:**
**<><><><><>**

**هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٣/١/١٥**

**خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی: پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی - پاسۆک - گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی ..بەرگی یەکەم ژمارە ١-١٦/ چاپی٢٠٢٢**








بەندە بە زنجیرەیەک وتار خوێندنەوە بۆ هەر یەک لە ژمارەکانی ئاڵای سووری کوردایەتی دەکەم کە لە دووتوێی ئەم بەرگەدا کۆکراونەتەوە.
لە خوێندنەوەمان بۆ ژمارە {یەک}، کە لێرەدا پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناکات پێشەکییەکی پێویستمان خستۆتە بەرچاوی خوێنەر لەمەڕ پاسۆک و هەلومەرجی بوون و هزر و فیکر و دروشم و بڵاوکراوەکانییە و پێویستی و میکانیزمی خوێندنەوەی خودی مێژوو و پاسۆک بە چاوی ئیمڕۆ.. ئاماژەشمان بە بڵاوکراوەکانی پاسۆک داوە، لە نێویاندا ئاڵای سووری کوردایەتی ..

ژمارە(٢) ی ئاڵای سووری کوردایەتی ئازاری ١٩٨١.. ئەم ژمارەیە١٦ بابەتی ئەدەبی و سیاسی و رەخنەیی و مێژوویی و شۆڕشگێڕیی لەتەک کۆمەڵێ چالاکی حیزبیدا لەخۆ گرتووە و بریتییە لە ٤٠ لاپەڕە... دوو هێندەی ژمارە یەک.. ئەمەش نیشانەی گەشە و دەوڵەمەندبوونی گۆڤارەکە بەدەردەخات...
*هەر کاروانێ*
*بۆ تیشکی خۆر بڕوانێ*
*کەم بن یان زۆر*
*ئەگەنە خۆر*
لە لاپەڕەی یەکەمدا بەم کۆپلە شیعرە ئەم پەنجەرەیە بەڕووی خوێنەردا کراوەتەوە تا لە ئاسۆی روون بڕوانێ ! هەروەها لە گرنگی و بایەخی ئەم کاروانە بچووکە تێبگات کە بە باوەڕی بەرزەوە بەڕێ کەوتوو ..
هەڵگرانی بیریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی پاسۆکدا، بە ژمارەیەکی کەمەوە، لێ پوخت و چوست و چالاک و تەیار بە هزر و بیر و خۆنەویست لە بەرژەوەندی ... ئەو پۆلە خەڵکەن دەستەچیلەی کوردایەتیین ... بە هەموو هیوایەکەوە بەرەو گەیشتنە لوتکەی ئامانج کەوتوونەتە ڕێ .. ئەم کۆپلە شیعرە "کاڵا وەقەد باڵایە" .. ئێمە زۆر حیزبی گەورە و زەبەلاحمان بینیووە و دەبین لە ڕەشەخەڵکێکی ڕۆبۆرت و دەروێش ئاسا بەولاوە قەرەباڵغییەیی شپرزەبووی سەرلێشێوار زیاتر نەبوون و نین!..کەواتە چۆنایەتی گرنگە نەک چەندایەتی..دەڵێن
,, پیاوی بەهێز ڕزگاری بووە لە دوودڵی، بەڵام هی ئاسۆ تەنگ بە گشتی شپرزەیە,,.. پاسۆک لە تێڕوانینیدا بۆ دۆزی کورد ڕەها بوو لە ترس و شەرم و منجەمنج .

**سەروتار** .. بەناونیشانی « کورد و ئازار» ە .. هەموو دەزانین بۆ کورد مانگی ئازار خۆش و ناخۆش و گەش و سیس و رووناک و تاریکە.. تژییە لەم جۆرە بەسەرهات و یادەوەرییانە..

**ڕازێکی کوردانە**: [[چارەسەری ناکۆکییە لاوەکییەکان بە ڕێگای دۆستایەتی و برایەتی دەبێت]].. بابەتێکی تری ئەم ژمارەیەی ئالایە..!!
ناپلیۆن " **ناکۆکی بە کرمی ژەهراوی ناو ریخۆڵەی گەل دادەنێ**" . ناکۆکی دیاردەیەکە لە مێژووی کورد و نەتەوە بندەستەکاندا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێ . بۆ شەنوکەوکردنی ئەم پرسە ترسناک وماڵوێرانکەرە ، پاسۆک لێی بە ئاگایە و دەیەوێ قسەی هەبێت لەسەری . وتارەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەرژەوەندی باڵای کورد ئەوە دەخوازێ، سەرلەبەری ناکۆکییەکانی هەناوی بزافی کوردیی بە دیالۆگ و گفتوگۆی دۆستانە چارەسەر بکرێن .. ناکۆکی لاوەکی هەرگیز نابێت ناکۆکییە سەرەکییەکەمان لەگەڵ داگیرکەراندا لەبیرەوە بەرێت!! هەمیشە شێوازی دۆستانە بگرینە بەر بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوخۆمان..واتە بە ئاشتی.. داخوازی ئاشتی و پێداگریی لەسەر ئاشتی باوەڕ و دروشمێکی سەرەکی سیاسەتی پاسۆک بووە ..بۆیەوەی دڵەڕاوکێش لای هیچ لایەک دروست نەبێت ،پاسۆک نێتی خۆی روون دەکاتەوە کە ڕێی گفتوگۆ کردن باشترین ڕێگاچارەیە کارل پۆپەر دەڵێ:,, **نرخ و بەهای دیالۆگ بەر لە هەر شتێک وەستاوە لەسەر فرەڕەنگی بیروڕا و کێبەرکێیانەی ڕکەبەرەکان**,,.
پاسۆک بە ڕژدی و شێلگیرانە کاری کردووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. ڕەنگە هێنانەوەی گووتە بەناوبانگەکەی گیانبەختکردووی گەشمردە ( **قاسملۆ**) " بارەگاکانی پاسۆک بوون بە بارەکای نەتەوە یەکگرتووەکان" بەس بێت بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە.. بەهەق پاسۆک توانایەکی بێشوماری تەرخان کرد بۆ هێنانەدی یەکێتی و تەبایی نێو کورد و هێزە سیاسییەکانی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و زمانی نەرم و ڕۆحی دیالۆگخوازی.. پێشی وا بوو ئەوانەی پێڕەوی ئەم سیاسەتە ناکەن، زەبری کوشندە لەکورد دەدەن و خزمەتی بەلاشی داگیرکەر دەکەن...
وتارەکە بە دروشمی " کێ زیاتر دڵسۆز بێی، ئەوە زێاتر کوردە". تەواو بووە.

شیعرێکی (شاهۆ) ی شاعیر و شیعرێکی دیاری (عەبدوڵا پەشێو) کە پێشکەش کراوە بە گیانی شەهید (فەرهاد خەفاف) بڵاوکراوەتەوە . - ئەگەرچی ناوی پەشێوی شاعیری لەسەر نەنووسراوە - .. ئینجا لەلایەن دوو هاوبیرەوە دوو وتاری کورت و دوو سەرنج لەسەر شەهید فەرهاد خەفاف بڵاوکراوەتەوە .. شەهید فەرهاد یەکێکە بوو لە هەڵکەوتووترین کادێرانی سیاسی و سەربازی پلە دووی پاسۆک لە دوای ڕسکانییەوە.. ڕۆشنبیرێکی فرەلایەن و خۆشەویستێکی نێو پێشمەرگە و جەماوەر بووە.. چەندین هاوبیری بۆ پاسۆک گۆشتکردووە و ڕۆڵی بەرچاو و گەورەی لە ژیانی ڕێکخستنی و پیشمەرگایەتیدا گێڕاوە . دەرفەتی هەڵچوون و سەرکەوتنی تا چڵەپۆپەی بەرپرسیارێتی هەبوو !، لێ دەستی قەدەری نەگریس بە خۆی و پاسۆک و کورد لێی نەگەڕا، زوو لە کارەساتێکی تەواو دڵتەزێن دا بەدەستوپلی خۆی شەهید بوو. بۆ زانیاری پتر لەسەر ئەم شەهیدە بڕوانە ئەم لینکە..
https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=٦٦٩٦٣...

وانەی دووەمی **[قوتابخانەی پاسۆک]** وتارێکی تیروتەسەلە بەناونیشانی **[نە دوژمن دەبێتە دۆست و نەداگیرکەر بە برا]**. ناوەڕۆکی وتارەکە بۆ خۆناسین و داگیرکەرناسییە!.. دۆست کێیە و دوژمن کێیە ؟! دۆستایەتی چۆنە و چی بکەین و چۆن خەبات بکەین بۆ ئامانجەکانمان؟!.. ئەی ئامانجەکانمان کامانەن؟؟..!
,, **گووتراوە کەوا خۆناسین سەرەتای هەموو حیکمەتێکە**,, بابەتی ئەمجارەش وانەیەکی بەنرخە بە ناوەڕۆک و ئامانج بۆ ئەوانەی لە دەروازەی بنەماکانی بیری کوردایەتی تەماشای دۆزی نەتەوەکەیان کردووە.. ئاخر دەردی خۆناسین و داگیرکەرناسی بە زەقی ڕۆڵێ نەرێنی خۆی لە مێژووی کۆن و نوێی کورد دا گێراوە و تا ئێستا بایی پێویست هەڵویستە لەم میکانیزمە گرنگەی چەکی خەبات نەکراوە. بە دەربڕینێکی تر ئەگەرچی ئەم خاڵە زۆر بایەخدار و پێداویستییە، خوێندنەوەی دروستی بۆ نەکراوە و

نەكراوەتە مەرجێكی چەسپاوی خەبات و تێكۆشان.. جگە لەوەی وتراوە" **دوژمنێكی هاوبەش، زەمینەی هاوپەیمانێتی خۆش دەكات** . "
یاخود وەک ئەریستۆتالیس دەڵێ" **مرۆڤی ژیر لە دوژمنەكەیشییەوە فێر دەبێت**".. گاندیش دەڵێ:" **بۆئەوەی بەسەر دوژمندا سەركەویت، سەرەتا دەبێ تێی بگەیت**"... هەڵبەت بەم میكانیزمەی تێگەیشتن لە دوژمن ئەوەمان بۆ روونە كە پێشتر لەخۆشت گەیشتوویت..ئاخر سەركەوتن بە پلەی یەكەم لەو حیكمەتەوە سەر هەڵدەدات كە خۆت دەناسی... بێ خۆناسین ، مەحاڵە بتوانی ئەوی تر بناسیت!.. كاتێكیش دوژمن نەناسی ناتوانی شەڕی بكەیت و بەسەریدا زاڵ بیت!. هۆكارێكی گرنگ بۆئەوەی كورد دروست خۆی ناناسێ دەگەڕێتەوە بۆ بندەستییەكەیی و و داگیركەر و دوژمنان مێژوویان بۆ نووسیوەتەوە . ئاشكرایە چۆنیان نووسیوەتەوە..!!

ئاڵا ..لە بازنەی مێژوودا دەمێنێتەوە و ئاوڕێ لە **[قازی]**یان كورد لە مەهاباد دەداتەوە.. "قازییان یادتان بەخێر لەبەر سێدارەدا"، وتارێكە مێژووی كورد بە خۆیی و مانا و بایەخ و ڕووداوە تاڵ و شیرینەكانی لەم گۆڤارەدا ئامادەیە..

**[بانگێ لەسەنگەری پاسۆكەوە]**، لەسەر چەمكی **(ژیان)** ..وتارێكی فیكرییە، ئاڕاستەی هاوڵاتی و هاونەتەوە و هاوژان و هاوچارەنووس كراوە .
لە بڕگەیەكدا دەڵێ: "بۆیە ژیانی ڕەنگڕێژراوی مرۆڤانە ئەو ژیانە سەركەش و ئازادانەیە كە مرۆڤ خۆی لە جەوهەری بووندا دەدۆزێتەوە و هەست بە گرنگی و كەرامەت و بوونی خۆی دەكات. "
وتارەكە دەیەوێ وێنەیەكی كتومتی واقعی كورد و ژیان و شۆڕشەكەی نیشان بدات.. هاوكات داوای چارەسەر و باشتركردنی كێماسییەكان دەكات و بانگاشەی ئەوە دەكات، گیان و ورەی بەرەنگاربوونەوە لەكەسدا بزر نەبێت.. زۆر واقعی راستگۆیانەش خاڵی خستوتە سەر پیتەكان و پێ لەوە دەنێ خەسڵەتی شۆڕشەكە لە ئاستی حەز و هیواكاندا نییە و نایەوێ دیماگۆگێتی لەتەک جەماوەردا بكات و بە درۆ بە شانوباڵی شۆڕشدا هەڵبدات و وێنەیەكی دروستی دۆخەكە دەخاتە بەرچاو و ڕێیز لە ڕەخنە و بۆچووەكانی جەماوەر دەگرێ و دەنووسێ:" هەرچی بڵێین و بڵێین ڕاستە.. شۆڕش لە گرێژنە براوە،چەواشەكراوە، لابراوە، لەمەش زیاتر ناوەڕۆک و شێوازیشی پووچ كراوەتەوە.. بەڵام ئایا شۆڕش چارەنووس و قەدەری كورد نییە؟ ..!ئایا تاكە ڕێگای ڕزگاریی و سەربەخۆیی نییە؟! چ بە ئابڕوویەكی دڵسۆز ئەتوانێ بڵێ نەء؟.."!
پاسۆک تەواوی ئەم شت و هەقیقەتانەی زانیوە، لێ دیسان داوا دەكات ڕۆڵەكانی نیشتمان مل بۆ واقعی ناسروشتی داسەپاو نەدەن و بێنە كۆڕی خەبات و بەشداری بكەن و ئاگری تەندرووی سووتاندنی جەستەی داگیركەر خۆشتر بكەن..!

دواتر دوو بروسكە پیرۆزباییمان بەرچاو دەكەوێ پاسۆک ناردوویەتی بۆ حیزبی سۆسیالیست و یاداشنامەیەكی گلەیی و گازندەیی بۆ «جیسكار دیستان» سەرۆكی فەرەنسا دژ بە دۆستایەتی و هاوكاریان بۆ رژێمی فاشی سەددام... یاداشتامەكە بە زمانی عەرەبی نووسراوە.. دەشێ درابێتە سەفارەتێكی فەرەنسا لە پایتەختێكی عەرەبی..

**[[شادەمارە سەرەتاكانمان]]** * گرنگترین كۆڵەكە و پایەی فیكر و بەرنامەی پاسۆكە كە كاری بۆ دەكات و كردووە ..لەم ژمارە دووە بەدواوە تا لیستی شادەمارە سەرەتاكانمان تەواو دەبێت، هەرجارەی خاڵێک لە ژمارەیەكدا شرۆڤەكراوە و روون كراوەتەوە.
**]]ڕزگاری و یەكگرتن و ئازادی كوردستان و یەكسانی نەتەوەی كورد** ..[[یەكەم ناونیشانی ئەم تەوەرە هەرە سەرەكی و گرنگەیە ..
لێرەدا پانۆرامایەكی خێرای مێژووی كورد و بزاڤەكانی خراوەتە ڕوو. .. گرنگ و بایەخی رزگاری و یەكگرتن بۆ (ئازادی) شی كراوەتەوە و لە جۆری سیستەمی داهاتووی كوردستاندا دوای گەیشتنە ئامانج

ئاماژە بە (یەکسانی) بۆ کۆمەڵگەی کوردی دیاری کراوە و ئەرک و خەباتی پاسۆکیش لەم نێوەدا باس کراوە..
وتارەکە دوورودرێژە و وەک زۆر لە وتارەکانی دی بە دروشمی{{ دۆست و دوژمن بە نێزیکی و دووری لە بەرژەوەندی کورد دەناسرێتەوە}} کۆتایی هاتووە ..بەم شێوەیە لەپاڵ شیکاری فاکتە مێژووییەکان دا، ڕێگا چارەی بۆ ئایندەیەکی بە فەرتر دیاری کراوە ..
وتارێک بۆ نەورۆز نوسراوە، لەبەر ڕۆشنایی و بایەخی ئەم بۆنە نەتەوەییە کوردییە، لەهەموو لایەنەکان داواکراوە بە بڵیسەی ئاگرەکەی نەورۆز تۆوی ناتەبایی و خۆخۆری بسوتێنین و بە تین و تاوەکەی یەکێتی و تەبایی پێک بهێنن و گەرم بکەن..
وەک دیارە ئەم ژمارەیەی ئاڵای سوور لە مانگی ئازاردا دەرچووە..بۆیە وەک ڕێز و سەنگێک پێش وتاری [**ماڵاوا**] ، چەند وتەیەکی مێژوویی پێشەوا قازی محەمەد نووسراوەتەوە ..پێشەوا لە مانگی ئازاری ١٩٤٧ لەتەک کۆمەڵێ لە بەرپرسانی دیکەی کۆماری کوردستان دا، لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارە دراوە.. هێز و سەنگی نەتەوەیی مێژوویان هەیە و ئەوجا دوا لاپەڕە

بە وتاری [[ **فرمێسکی گێلانە بۆ ئابووری عێراق**]]...رازێندراوەتەوە.. وتارەکە زیاتر بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو بیر و پروپانگەندە و دەنگە ناسازانەی ئەو سەردەمەیە، کە بەهۆی شەڕی (ئێران و عێراق)ەوە شین و چەمەریان گێڕاوە بۆ ئابووری عێراق و کاول بوونی و دارمانی .. دیارەدەیەکی گەمژەیی و ناشرین و بێ بەها و نرخە! داگیرکراو بیت و بۆ پۆشتەوپەرداخی داگیرکەرەکەت هاوار و فیغانت بێت..!
دوا دێڕەکانی وتارەکە بریتییە لەم بۆچوونە ڕەسەنە ڕەپوڕاستانەی کوردایەتی:
{{ دەک خوای دەکرد بە سەبەتەیەک دیناری عێراقی سەلکەپتازێکی نەدەکرد}} ..
{{ مزگەوتێ بۆ من نەبێت، خوای دەکرد دەیانکرد بە خان}}..
ئاڵای سوور باش دەرکی بە نێت و ئامانجی ئەو دەستەوتاقمە کردووە.. بۆیە تۆمەتباریان دەکات بەوەی ئەم گارەگارەیان بۆ ئەوەیە بە خەیاڵ پڵاوی خۆیان وا بیردەکەنەوە سەددام دەروخێن یان دەڕووخێ! و ئەوان ]]سبەی نەچنەوە سەر خەزێنەی بەتاڵ و بەشیان نەمێنێ..[[